بەش. کۆمەڵناسی.

کۆلێژ. ئاداب.

زانکۆ . سەلاحەدین - هەولێر.

بابەت . بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان

الحركات ألإجتماعيه الجديده (New Social Movements)

پەرتووکی کۆرس – ( دکتوراه )

ناوی مامۆستا: پ.د.عبدالحميد على سعيد بەرزنجی

ساڵی خوێندن: ٢٠٢٣ـ ٢٠٢٤

# پەرتووکی کۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| وەرزی | 1. ناوی کۆرس |
| **عبدالحميد علی سعيد بەرزنجی** | 2. ناوی مامۆستای بەر پرس |
| **کۆمەڵناسی/ ئاداب** | 3. بەش/ کۆلێژ |
| ئیمێل: E-mail: abdullhameed.barzinchi@su.edu.krd<br>ژمارەی تەلەفۆن :07504521011 | 4. پەیوەندی |
| **تیۆری:** ٢ سەعات | 5. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک |
| ئامادەبوونی مامۆستای وانەبێژ بۆ قوتابیان لە ماوەی هەفتەیەکدا<br>1 ڕۆژ لە هەفتەیەك, کۆی گشتی 2 کاتژمێر | 6. ژمارەی کارکردن |
| | 7. کۆدی کۆرس |
| 1/ 1/ 1958 **لە شاری کفری - کەرکوك لەدایکبووە.**<br>1982 - 1983 / **بەکەلوریوس/ زانکۆی بەغدا / ئاداب بەشی کۆمەڵناسی تەواوکردووە .**<br>1989 / **بڕوانامەی ماستەر لە زانکۆی بەغدا/ کۆلێژی/ئاداب/ بەشی کۆمەڵناس.**<br>18/ 1990/3 **: زانکۆی سەلاحەددین / کۆلێژی ئاداب / بەشی کۆمەڵناسی، بە پلەی مامۆستای یاریدەدەر دامەزراوە**<br>1994 **: پلەی مامۆستا ، لە** 2000 **پلەی پرۆفیسۆری یاریدەدەر، لە** 2019 **پلەی پرۆفیسۆر.**<br>2006 / **بڕوانامەی دکتۆرا/ کۆمەڵناسی/ ئاداب/ زانکۆی سەلاحەددین پسپۆری گشتی:کۆمەڵناسی و پسپۆری تایبەتی لە بواری ( کۆمەڵناسی سیاسی - گۆڕانی کۆمەلایەتی ).**<br>2003-2000 / **سەرۆکی بەشی کۆمەڵناسی / ئاداب/ زانکۆی سەلاحەددین.**<br>2008- 2012/ **ڕاگری کۆلێژی ئاداب لە زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر .**<br>**بەشداری لە کۆنفرانس** 2006،2002،1997،1993، **زانکۆی سەلاحەددین ،سەنتەری برایەتی، ئەنستوتی کوردی کردووە.**<br>2000 / **بڕوانامە چارەسەر کردنی ململانێ لە زانکۆی کۆلۆمبیا - نیویۆرك ئەمریکا، وەرگرتووە .**<br>2006 /**ئەندامی سەنتەری زانیاری و توێژینەوەی ستراتیژی کوردستانە .**<br>**سەرپەرشتیاری** ( 18 ) **نامەی ماستەر و** ( 11 ) **تێزی دکتۆرای کردووە.**<br>( 25 ) **توێژینەوەی زانستی بلاوکردوەتەوە .**<br>**یەك کتێب و** ( 156 ) **وتاری بە زمانی کوردی و عەرەبی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردستان بلاوکردوە.**<br>https://academics.su.edu.krd/abdulhameed.barzinchi/ | 8. پرۆفایەلی مامۆستا |
| **بزووتنەوەی کۆمەلایەتی**( Social Movements)، **بزووتنەوە کۆمەلایەتییە نوێیەکان** New Social Movements)، **کۆرەفتار**( Collective behaviour)**گۆڕانی کۆمەلایەتی**( Social change)، **جیهانگیری** ( Globalisation) **سیستەمی کۆمەلایەتی** ( Social system )، **سیستەمی سیاسی**( political system)، **دەسەلات** ( Authority). | 9. وشە سەرەکیەکان |

**10. ناوەرۆکی گشتی کۆرس:**

**بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەنوێیەکان، جۆرێکن لە چالاکی کار و کاردانەوی بەکۆمەڵ، لە گروپە نافەرمیەکان پێکدێن، بە مەبەستی ئانجامدانی گۆڕانکاری و چاکسازی سیاسی کۆمەڵایەتی، یان بەرەنگاربوونەوە و ڕەتکردنەوەی گۆڕانکاری لە ڕەوشی ژیانی کۆمەڵایەتی وکولتووریان. بۆیە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان یەکێکن لە دیاردەکانی ژیانی مرۆڤایەتی، لە زۆربە کۆمەڵگاکان روویان داوە وبەردەوام روودەدن.**

**ئەم دیاردە کۆمەڵایەتییە کۆمەڵك لە هۆکار و رەهەندی جۆراوجۆری وەك، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، دەروونی، رۆشنبیری لەخۆدەگرێتەوە، پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ دیاردەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی هەیە، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بزووتنەوەکان فرەگۆڕاوە، کارلێکردیان پەیوەستە بەو ژینگە کۆمەڵایەتی و سیاسییەی کە تێدا روودەدات. ئەمەش وایکردووە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکیتر جیاواز بن.**

**سەردمی ئێستا بەسەردمی پەرەسەندنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەنوێیەکان دەناسرێت، ئەمەش بەهۆی بێتوانایی یان شکستی دامەزراوە نەریتییەکان (تەقلیدیەکان) لە چارەسەرکردنی گەلێك لەو مەترسیانەی کە هەڕەشە لە کۆمەڵگە مرۆییەکان دەکەن بە هەموو جۆرەکانیەوە، وەك بابەتی پێ شێلکردنی مافەکانی مرۆڤ ، پیسبوونی ژنگە، مەترسییەکانی بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی، مەترسییەکانی پەیوەست بە پرۆسەی جیهانگیری، ئەم کێشانە لەو جۆرە کێشانەدادەنرێت کە دامەزراوە حکومی و رێکخراوە سیاسییە باوەکان (حزبەکان) ناتوانن لە کۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا، ڕووبەڕووی ببنەوە، بە پێچەوانەوە باڵادەستی، بەتایبەتی دامەزراوە بازرگانی و ئابوورییەکان، دەزگاکانی حکومەتی بیرۆکراتی، کاریگەری میدیاکان بەسەر ژیانی کۆمەڵاتی تادێ لە زیادبووندایە.**

**بۆیە ئەم جۆرە بزووتنەوانە لەسەر ئاستی جیهان زۆر چالاکن و بەردەوام لەگەشەکردندان، زۆربە بوارەکانی ژیانیان گرتوەتەوە، وەك بزووتنەوەکانی داکۆکیکردن لە مافەکانی مرۆڤ، ژینگە پارێزی، نەهێشتنی قۆرخکاری و گەندەلی، دژە جیهانگیری، قەڵاچۆکردنی مین، فیمینزم (داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت)، قەلاچۆکردنی هەژاری و بێکاری، بزووتنەوەکانی چاکسازی ئاینی،نەهێشتنی لەسێدارەدان و لەباربردنی منداڵ و پارێزگاری لە کەمینەی نەتەوەیی و ئاینی- ئاین زاکان و مافی ئاژەڵ.**

**بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان لە رووی سەردەم و شێواز و ئامانجەکانی زۆر جیاوازن لە بزووتنەوە کانی سەدەی ڕابردوو، چونکە ئامانجی سەرەکی ئەم جۆرە بزووتنەوانە گەیشتن بە دەسەڵات نییە، بەڵکو بریتییە لە ئەو چالاکیە نیمچە رێکخراو، کروپێك لە هاونیشتیمانیان ئەنجامیدەدەن بە مەبەستی گۆڕینی وچاکسازی یان بەرگری لەو بارودۆخەی کە پێکهاتەیەك یان گروپ و کۆمەڵەیەك بەشێوەیەك بگونجێت لە گەڵ ئەو بەها بەرزانەی کە بزووتنەوەکە باوەڕی پێیەتی.**

**لەم چوارچێوەیەدا کۆمەڵگەی کوردستان لەم جۆرە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان بێبەش نییە، بۆیەئاشنابوونی قوتابی خوێندی باڵا/ دکتورا بەم بوارە پێویستییەکی هەنووکەی و زۆر گرنگە بەتایبەتی لەرووی ئەکادمی، هەروەها ویستیکی کۆمەڵایەتی هەرە گرنگە بۆ ڕەوتی پێشکەوتنی کۆمەڵگەی کوردستان.**

**11. ئامانجەکانی کۆرس:**

1- **پەرەسەندنی بابەتی بزووتنەوە کۆمەلایەتیە نوێیەکان.(گرنگی و ئامانجەکان)**

2- **ئاشنابوون بە پێناسەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان و چەمکە سەرەکیەکانی پەیوەست بەم بوارە و جۆرەکانی و تایبە تمەندیەکانی**

3- **زانینی ئاراستە تیۆرییەکانی شیکردنەوەی بزووتنەوە کۆمەلایەتیە نوێیەکان.**

4- **دەستنیشان کردنی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بزووتنەوە کۆمەلایەتیە نوێیەکان بە پیًی قۆناغەکانی و. شێوازو میکانزمەکانی پەرەسەندنی.**

5- زانینی سروشتی پەیوەندی لە نێوان دەوڵەت و بزووتنەوە کۆمەلایەتیە نوێیەکان.

6- ئاشنا بوون بە پەیوەندی جیهانگیری بە بزووتنەوە کۆمەلایەتیە نوێیەکانەوە.

7- هەلسەنگاندنی سروشتی بزووتنەوە کۆمەلایەتیە نوێیەکان لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان و، تازە پێگەیشتووەکان .

8- زانینی ڕەوشی بزووتنەوە کۆمەلایەتییە نوێیەکان لە کۆمەڵگە کوردستان.

9- ئاشنابوون بە میکانیزم و شێوازەکانی مامەلەکردن لە گەڵ ئەم جۆرە بزووتنەوەنەدا.

**12.** ئەرکەکانی قوتابی

ئامادە بوونی قوتابی لە وانەکە، پێشکەش کردنی سیمینار، ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی(کویز) ، ڕڤیو ئارتیکلی (Review Article) ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی ( میدتێرم )، ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی کۆتای وەرز لەم بوارەدا.

**13.** ڕێگەی وانە ووتنەوە

بەکار هێنانی داتاشۆ و پرۆگرامی پاوەرپۆینت ، نووسین لە سەر تەختە سپی، بەکارهێنانی هەندێ نەخشەو مۆدێلی تیۆری بۆ ڕوونکردنەوە.

**14.** سیستەمی هەڵسەنگاندن( نمرە):

1.ڕڤیو ئارتیکلی (Review Article) =15٪ 2. پێشکەش سیمینار= 10٪ 3. ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی(کویز) = 5٪

4. ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی ( میدتێرم ) = 20٪

5. نمرەی تاقیکردنەوەی کۆتایی وەرز = 50٪ کۆی نمرە گشتی (100٪)

**15.** دەرئەنجامەکانی فێربوون

لەڕووی ئەکادیمییەوە قوتابی دکتوراە ئاشنا دەبێت بە دیاردەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان، ئەمەش لە ڕێگای زانینی بوارە سەرەکیەکانی لەگەڵ دەستنیشان کردنی کێشەو گرفتەکانی تایبەت بەلێتوێژینەوەی، ئاشنابوون بە تیۆرەکانی ئەو میتۆد و ئەو کەرەستانەی کە بۆ توێژینەوەی ئەم جۆرە دیاردەیە بەکاردێت. زانینی ئەم بابەتانە یارمەتی قوتابی دەدات بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی روون و زانستی هەبێت سەبارەت بەجۆر و سیماکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان، تێگەیشتنی قوتابی لە هەلومەرجی سەرهەڵدانی ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیانە لە کۆمەڵگەی کوردستان و شێوازی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی بەشداربوانی لەم جۆرە بزووتنەوانە، بیرکردنەوەو ڕاڤەکردن قوتابی لەو کێشانە بەشێوەیەکی زانستی و هەوڵدان بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئەکادیمی و بابەتیانە توێژینەوە ئەنجام بدات، بەمەش یارمەتی کۆمەڵگا دەدرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەم بوارەدا لەڕێگای دەستنیشان کردنی گرفتەکان و هۆکار و دەئنجامەکانی، کە دەبێتە ڕێگا خۆشکەر بۆ خستنەڕووی پێشنیار و ڕاسپاردە زانستی بەمەبەستی چارەسەر کردنیان .

**16.** لیستی سەرچاوە


1. چارلز تیلی (2012)، بزوتنەوەکۆمەڵایەتیەکان (1768 -2004 ) و: حەمە ڕەشید , چاپی یەکەم , دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم , سلێمانی - تشارلز تيلي، الحركات الاجتماعية(1768- 2004) ترجمة ربيع وهبة،ط1، 2005، العنوان الالكتروني:

http://social.subject-line.com/index.htm

2.ئەنتۆنی گیدێنز (2005 )، شۆڕش و بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، وەرگێرانی. هیوا حاجی دێلۆیی, دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، زنجرەی کتێب-20-(123)، کوردستان- هەولێر،

3. عباس شریف احمد(2017 )، پەیوەندی جیهانگیری بە بزووتنەوە کۆمەڵاتییەکان - توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری هەولێر، نامەی ماستەر، (بلاونەکراوە) بەشی کۆمەڵناسی / کۆلێجی ئاداب/ زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر.

4. ڕێدار عمر عسمان( 2015 )، ڕۆڵی پۆلیسی پارێزگاری له چالاکییه مەدەنییەکان له کاتی خۆپیشاندانەکان، توێژینەوەیەکی مەیدانییه له شاری هەولێر، نامەی ماستەر، ( بڵاونەکراوە ) بەشی کۆمەڵناسی / کۆلێجی ئاداب/ زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر.

5. دوناتيلا ديلا بورتا و ماريو دياني( 2019 ) ، مدخل الى الحركات الاجتماعيه، ت. نيره محمد صبرى، مؤسسه هنداوى.

https://books.google.iq/books?id=OnswEAAAQBAJ

6.عبدالحميد على سعيد البرزنجى، دور پوره أيلول 1961-1975 فى حركه التغيير الاجتماعى دار سبيرز للگباعه والنشر 2007.

7 عبدالحميد على سعيد البرزنجى، دور الشباب فى التغيير الاجتماعى - دراسه ميدانيه فى جامعه صلاح الدين - أربيل / مجله جامعه كرميان المجلد 5 العدد 1 ( أيار 2018 ) / / acadj@garmian.edu.krd.

8. فريد زهران (2007)، الحركات الاجتماعية الجديدة، ط 1، القاهرة :مركز القاهرة لدراسات حقوق الإنسان، تعليم حقوق الانسان (12) الرابط الالكترون : https://cihrs.org/wp- pdf

9. ألان تورين( 1997)، براديغما جديدة لفهم عالم اليوم، ترجمة أنور مغيث، المجلس الأعلى للثقافة، القاهرة، مصر.

10.معين خليل العمر(2010)، الحركات الإجتماعية، ط. الأولى، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان الأردن.

11. سمير أمين وفرانسوا اوتار (2003)، مناهضة العولمة، حركة المنظمات الشعبية في العالم، مركز الدراسات، القاهرة، مصر.

12.جودت العبيدي (2005)،. الحركات المناهضة للعولمة : مالها و ما عليها ، مجلة ايلاف ، عدد: 1260، لندن :https://elaph.com/Web/AsdaElaph/2005/12/111260.html

13.علي عبد الرازق جلبي وأمل عادل عبدربه(2013)، الحركات الاجتماعية الجديدة وحقوق الإنسان: تحليل نقدي لخطاب حركات مناهضة العولمة بمصر، المجلس العربي للعلوم الاجتماعية، مؤتمر "الحراك العربي يسائل العلوم الاجتماعية" 19- 20 مارس (بيروت – لبنان).

14.عزة خليل وآخرون(2006)، الحركات الاجتماعية في العالم العربي، دراسات عن مصر، السودان، الجزائر، تونس، سوريا، لبنان، الأردن، القاهرة: مركز البحوث العربية والأفريقية.

15. زالد، مكارثي (1973)، الحركات الاجتماعية بأمريكا: الاحترافية وتعبيئة الموارد البشرية،، (د.م.: د.ن.).

**16. Regev, M. (2019). Postlude: World culture after cultural globalization. Poetics,101383. doi:10.1016 / j.poetic.2019.101383.**

**17. Eric Brahm,(2018), Social Movements an essay , available at: http://www. beyondintractability.org/essay/social-movements.**

**18. Smelser, Neil J. & Baltes, Paul B. (editors). International Encyclopedia of the Social and Behavioral Sciences. Vol. 21. (New York: Elsevier science Ltd, 2001).**

**19. Sztompka, Piotr (1993). The Sociology of Social Change. (London: Blackwell Publishers)**

20. Mario Diani(2003), "The Concept of Social Movement"; Mario Diani, "Networks and Social Movements: A Research Program," in Mario Diani and Doug McAdam, eds., *Social Movements and Networks: Relational Approaches to Collective Action* (Oxford/New York: Oxford University Press).

21. "Civil society and social movements," UNRISD,research :http://www.unrisd.org/80256B3C005BB128/(httpProgrammeAreasForResearchHome)/F25CB3CC77AD65

E80256B750053D399?OpenDocument

22 .Castells, Manuel (2009) The Power of Identity. (2ed) London: Wiley-Blackwell.

23. Doda, Zerihun (2005) Introduction to sociology. Ethiopia, USID. http://www.un-ngls.org/cso/cso6/sdc.pdf

24.Joseph Schechla, ed., *Anatomies of a Social Movement: The Social Production of Habitat in the Middle East/North Africa* (Cairo: HLRN, 2004).

25. Wikipedia The Free Encyclopedia_." Anti-Globalization Movement". 18 November 2009 <http://en.wikipedia.org/wiki/Anti-globalization_movement

26. Mario Diani and Ivano Bison(2004), Organizations, Coalition, and Movements,( *Theory and Society*, Vol.33 (2004).

| ناوی مامۆستای وانەبێژ | **17. بابەتەکان** | |
|---|---|---|
| ناوی مامۆستا<br>**پ.د. عبدالحمید علی سعید بەرزنجی**<br>**2 کاتژمێر**<br>**هەموو ڕۆژانی چوار شەممە**<br>**لە کاتژمێری 2,00- 4,00**<br>**هۆڵی: / 5 / بارز / کۆلێجی ئاداب.** | **پەرەسەندنی بابەتی بزووتنەوە کۆمەلایەتیە نوێیەکان.( گرنگی و ئاما نجەکان )** | 15- 19 /10/ 2023 |
| | **پێناسە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان، سیماو تایبەمەندییەکانی ،جۆرەکانی .** | 22- 26/ 10/ 2023 |
| | **تیۆرییەکان : یەکەم: ئاراستە تیۆریەکانی ڕێکخستنی سەرچاوەکان** | 29– 31 / 10 /2023 |
| | **دووەم: ئاراستە تیۆریەکانی بزووتنەوە کۆمەلایەتیە نوێیەکان** | 1- 2 /11/ 2023 |
| | **هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بزووتنەوە کۆمەلایەتیە نوێیەکان.** | 5 – 9 /11/ 2023 |
| | **قۆناغەکانی پرۆسەی بزووتنەوە کۆمەلایەتیە نوێیەکان** | 12 – 2023/11/16 |
| | **ئامرازەکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیە نوێیەکان.** | 19 – 2023/11/23 |
| | **دەوڵەت و بزووتنەوە کۆمەلایەتیە نوێیەکان** | 26 – 2023/11/30 |
| | **پەیوەندی جیهانگیری بە بزووتنەوە کۆمەلایەتیە نوێیەکانەوە** | 3 – 7 / 12 /2023 |
| | **نموونەی بزووتنەوە کانی مافەکانی مرۆڤ** | 10 – 14 /2023/12 |
| | **نموونەی بزووتنەوە کانی فیمینزم ( داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت )** | 17–21 /2023/12 |
| | **نموونەی بزووتنەوە کانی ژینگە پارێزی** | 24- 28 /2023/12 |
| | **نموونەی بزووتنەوە کانی نەهێشتنی قۆرخکاری و گەندەلی** | 1– 4 /1/ 2024 |
| | **سروشتی بزووتنەوە کۆمەلایەتیە نوێیەکان لە کۆمەڵگە کوردستان.** | 7- 11 / 2024/1 |

| | | |
|---|---|---|
| 2024/1 /18-14<br><br>2023/2/1 – 1/21 | **میکانزم و شێوازەکانی مامەلەکردن لە گەڵ ئەم جۆرە بزووتنەوەنەدا.**<br><br>**تاقیکردنەوەی کۆتایی وەرز .** | |

| | |
|---|---|
| 18. بابەتی پراکتیک (ئەگەر هەبێت) **نییە** | |

19. تاقیکردنەوەکان

1. **لەبەر چی بزووتنەوە کۆمەلایەتییە نوێیەکان لە بزووتنەوە کانی سەدەی ڕابردوو زۆر جیاوازن ؟**

2. **جۆرو تایبە تمەندییەکانی بزووتنەوە کۆمەلایەتییە نوێیەکان دەستنیشان بکە ؟**

3- **ئاراستە تیۆرەکانی شیکردنەوەی بزووتنەوە کۆمەلایەتییە نوێیەکان بەراورد بکە؟**

4- **هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بزووتنەوە کۆمەلایەتییە نوێیەکان کامانەیە تاوتۆی بکە؟**

5- **چۆن سروشتی بزووتنەوە کۆمەلایەتییە نوێیەکان لە کۆمەڵگە کوردستان هەڵدەسەنگێنێت؟**

**تێبینی : وڵامە نموونەییەکان لەکاتی پرسیارەکانی هەر بابەتێك دەخرێت بەردەستی قوتابیان.**

20. تێبینی

**دواکاتی پێشکەشکردنی راپۆرتی کۆتایی وەرزەکە لە لایەن قوتابییەوە لە 15/ 12 / 2024 دەبێت .**

**21. پێداچوونەوەی هاوەڵ**